# دیمانە یە ك لە گە ڵ عە تا زە ردە شتی بەرپرسی جڤاتی زەردەشتیانی رۆژهەڵاتی کوردستان



**ئامادە کردنی دیمانە : ئەمین خەواله – رۆژنامەوان و هەواڵنێر**

**٣٠ ی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠١٩ ی زایینی**

عەتا زەردەشتی :بنەماکانی ئایینی زەردەشتی لە سەر سێ بناغەی سەرەکی : بیرۆکەی چاک، وتەی چاک و کرداری چاک پێك هاتووە، لە بەڕێوەبردنی ئەم سێ بناغەیە زەردەشتیەکان یەکتاپەرەستن و یەکتاپەرەستی بنەمای سەرەکی ئەم ئایینەیە.

عەتا رەحیمزادە ناسراو بە عەتا زەردەشتی لە ساڵی ١٩٧٥ زایینی لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر لە دایك بووە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ زایینی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە جێهێشتووە و بۆ پێشمەرگایەتی و خزمەت بە نەتەوەکەی رووی کردۆتە باشووری کوردستان و ماوەی ٢١ ساڵ پیشمەرگە و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی خزمەتی بە نەتەوەکەی کردووە. دوای دامەزرانی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان لە شاری سلێمانی بە رێبەرایەتی کەسانێك وەکوو پیر لۆقمان و عەتا رحیمزادە پەیوەست ئەبێت بە ڕیزی زەردەشتیانی کوردستان و دێتە سەر ئایینی باب و باپیرانی و دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ زایینی ناوەندی جڤاتی زەردەشتیانی رۆژهەڵات پێك ئەهێنێت و بە هۆی جیاوازی بیرکردنەوەی لە گەڵ ناوەندی زەردشتیانی

کوردستان ئەو ڕێکخراوە بە فەرمیی دائەمەزرێنێت و چالاکیەکانی وەکوو بەرپرسی جڤاتی زەردەشتیانی ڕۆژ هەڵات دەس پێدەکات و بەردەوام ئەبێت.

**پرسیاری ١ -وەکوو دەست پێك كاك عەتا تكایە بفەرمووی هۆی پێك هێنانی ناوەندی زەردەشتیانی كوردستان لە كوێوە سەرچاوەی گرت و بە ڕای جەنابتان چە بۆشاییەك بوو بە هۆی گەشەكردنی ناوەندی زەردەشتیانی كوردستان ؟**




**وەڵام** :لەسالی ٢٠١٣ دا کەسێک بە ناوی کاک لۆقمان پەیوەندی پێوە گرتم کە گوایە بابەتەکانی من دەبینێت و دەیانخوێنێتەوە و زۆری پێخۆشە کە پێکەوە کار بکەین ئەوە بوو دوای چەند جار پەیوەندی گرتن و تاوتوێکردنی ئایینی زەردەشتی باسیان لەوە کرد کە کوردستان لە جەوێکی خنکێنەری تەواو بەسەر دەبات چی بکەین دروست کردنی ناوندەندێکی زەردەشتیان لە کوردستان خەتەرێکی گەورە بوو بۆ ئێمە چونکە نەماندەزانی کە ئایا خەڵک پێشوازیمان لێ دەکات یان نا؟ دوای ١٤٠٠ ساڵ وروژاندنی ئاوەها بابەتێک بوێری دەویست بەڵام لە هەمان کاتدا پێویست بوو کە ئەم ناوندە درووست بێت، بە لەبەر چاوگرتنی ئاینێکی هێنراوە کە بە تەواوی دەستی بەسەر کولتورو فەرهەنگ و مێژووی ئەم گەلە دا گرتبوو و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تەواوی سەرلێشێواوی سیاسی و جۆغرافیایی وکولتوری لە مابەینی هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی کوردستان داناوە بۆیە بە پێویستمان زانی ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد ڕاپەڕینێکی ئایینی و

کولتووریمان هەبێت بۆ ئەوەی چی دیکە لاوانمان لە مێژوو و کولتور و ئایینی خۆیان دوور نەکەونەوە و فەرهەنگ سازیەکی کوردی لە کوردستان پێک بهێنین ئەوە بوو بە تەواوی مەترسیکانیەوە کە بە تایبەت دەمانزانی حیزبە ئیسلامیەکان دژمان ڕادەوستن دەستمان بەم کارە کرد و بە بەشداری زۆربەی نوسەران و کورد پەروەران لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەکەم کۆنفرانسمان لە شاری سلیمانی گرت و دوابەدوای ئەو کۆنفرانسە ناوەندی زەردەشتیانمان پێک هێنا. وەک بەشداری هەر چوارپارچەی کوردستان ئێمەش وەک ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەنجومەنی زەردەشتیانی ڕۆژهەلاتمان پێک هێنا لەژێر ناوی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان لە ئاستی کارکردن دا و پیوەندی ناوەندی زەردەشتیان لە گەل دەوروبەری و ولاتان بوو بە هۆی ئەوی کە ئێمە نەتوانین هەندێك پیوەندی قەبووڵ بکەین بۆ نموونە پیوەندی لەگەڵ ئێران و پیوەندی لە گەڵ هەندێك لایەن کە دژی جووڵانەوەی کورد کاریان کردووە هەوڵێکی زۆرمان دا کە ئەو جۆرە پێوەندیانە بێ کەڵکن و هیچ سوودێکی بۆ کورد نیە بەلام بە داخەوە گوێ بیستمان نەبوون. ٢ مانگ لە دروست بوونی ناوەندی زەردەشتیان تێدەپەڕی کە چەند کەسێک کە خەڵکی سلێمانی بوون بە ڕەسمی ڕایانگەیاند لە ناوندەکەمان جیا بوونەوە هۆکارەکەیان بۆ ئەوە گێڕایەوە کە شەفافیت لە کارکانی ناوەند نیە وبڕیارەکان یەک لایەنەیە و لە ڕاستی دا ناڕوونی و هەرکەس بۆخۆی و تێکەڵاوی بە حیزب و بە حیزبیکردنی ناوەندی زەردەشتیان مەشروعیەتی لای ئێمەی ڕۆژهەلاتی نەما و بریارمان دا وەک ڕۆژهەلاتییەك سەربەخۆ کاربکەین و ئێستا وەک ئەنجۆمەنی زەردەشتیانی کوردستانی ئێران کار دەکەین و بە بڕوای من بەم جۆرە سەرکەوتنمان زیاترە.

**پرسیاری ٢ –بنەماکانی ئایینی زەردەشت لە سەر چیە وجیاوازی ئایینی میترائیزم لە گەڵ زەردەشت لە چی دا ئەبینن؟**

**وەڵام** :بنەماکانی ئایینی زەردەشتی لە سەر سێ بناغەی سەرەکی : بیرۆکەی چاک، وتەی چاک و کرداری چاک پێك هاتووە، لە بەڕێوەبردنی ئەم سێ بناغەیە زەردەشتیەکان یەکتا پەرستن و یەکتاپەرستی بنەمای سەرەکی ئەم ئایینەیە. ئایینی میترایی وئایینی خۆری دوو ئایینی بەهێز بوون لەم ناوچەیە واتە کوردستان کاریان کردوە. زەردەشت هات و کەڵکی لەم دوو ئایینە وەرگرت و لە سەرچاوە باشەکانیان ئایینی مەزدایی و یەکتاپەرستی پێک هێنا، خۆریەکان یان خۆر پەرستەکان خۆریان بە سەرچاوەی بووژانەوی ژیان دەزانی بۆ نموونە کاتێک خۆر گەرمای خۆی دەنوێنێ هەموو گژو گیا لە خەوی زستانی هەڵدەستن و سرۆشت جوان دەکەن لە هەمان کات دا میتراییەکان میترایان بە نوێنەری خۆر دەزانی . زەردەشت هات ئاگری کرد بە نوێنەری ئاهورامەزدا، زەردەشت هات بە جێگەی خۆر پرستی ئاهوورامەزدای بە خەڵک ناساند کە ئاهوورامەزدا خۆی خوڵقێنەری خۆرە ومیترایشە. میتراییەکان میترایان بە نوێنەری مەخلوق وخۆر دزانی. زەردەشت ئەو ئەفسانە وخۆرافاتانەی کە لەو دوو ئایینەدا بوو لای برد ویەکتاپەرەستی جێگر کرد. کە ئاهوورامەزدا خوڵقێنەری هەموو بوونەوەرەکان وسروشتە، ئایینی زەردەشتی تەواوکەری تەواوی ئایینە کوردیەکانە. لە فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی دەبینین کە عەقڵ گەرایی وجەهان بینی وڕاست

بێژی قسەی یەکەم دەکات بۆیە ئەم ئایینە دوای ٣٧٥٧ ساڵ ئێستاکەیش دەتوانین کەڵکی لێ وەربگرین بۆ کۆمەڵگا سازی و بەرەو پێش بردنی زانست و عیلم.

**پرسیاری ٣ -وەکوو هەموو ئاگادارین زەردەشت لە ناوچەی کوردنشینی میزۆپۆتامیا لە دایك بووە و زمانی نووسینی ئەوێستاش هەر زمانی کوردیە بەڵام فارسەکان و پان ئێرانیستەکان ئەڵێن زمانی نووسینی ئەوێستا زمانی پەهلەویە جەنابتان چۆن هەڵسانگاندنی جیاوازیەکان ئەکەن و ڕاتان لە سەر بیر و بڕواکانی پان ئێرانیستەکان بە ڕیبەرایەتی کوڕی شای پێشووی ئێران چۆن دەربەڕن ؟**

**وەڵام** :بەڵێ زۆر ڕاستە زەردەشت لە ناوچەی کوردستان لە تەختی سولەیمان لە نێوان شارەکانی تیکاب و ورمێ لەدایک بووە هیچ کەس ناتوانێت حاشا لە کورد بوونی زەردەشت بکات چون تەواوی بەڵگەنامەکان بە ئەوێستایشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە زەردەشت کوردە. لەو سەردەمانەدا بابەتێک بەناوی نەتەوە وجوودی نەبووە، نەتەوە سازی یان دروست کردنی سنوور زادەی سەدەی نۆزدەهەمە لە دایک بوونی دیموکراسی، کۆمۆنیستی، ناسیونالیستی، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی پاڵەیی کە فارسەکان پێی دەڵێن پەهلەوی هیچ پەیوەندیەکی بە فارسەوە نیە و لە بنەڕەتەوە کوردیە ئەوە وشەی پاڵەییە کە کردوویانە بە پەهلەوی بۆ مەرامی سیاسی خۆیان لە هەمان کات دا عەرەبەکانیش بە پالەیی دەڵێن فەیلی، ئاترۆپاتێن یانی ئاگر و پایتخت کە ئێستا تورکەکان پێی دەڵێن ئازەربایجان لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە دراوسێکانی دەوروبەرمان بە هۆی نەبوونی مێژوویان هاتوون لە بابەتەکانی کورد کەڵکیان وەرگرتووە. ئێستا بۆ ئەوەی جوان وردبینەوە کە ئێمەی کورد خاوەنی ئەو مێژووەین من چەند وشەیەک دەخەمە بەر باس بۆ ئەوەی بزانن هیچ پەیوەندیەکی بە فارسەوە نیە: ئاگر، ئاور، ئایر، ئاتر. ئەم وشانە هەموویان یەک بنەماڵەن بەڵام بە زاراوە جیاوازەکانی کوردی. گاتاکان، وتەکان، گوتەکان. ئەمانەیش وشەی کوردین بە زاراوە جیاوازەکان. لێرەدا شتێک بەناوی گفتەکان نابینین تا بڵێین پەیوەندی بە فارسەوە هەیە بۆیە کتێبی گاتاکانی زەردەشت سەلمێنەری ئەوەیە کە کوردیە وزەردەشتیش کوردە. بە درێژایی مێژوو فارسەکان کەڵکیان لە مێژووی کورد وەرگرتووە بۆ دەسەڵاتی خۆیان و تەواوی ئەو بابەتانەی وەک مێژوو ناوی دەبەن کە گوایە ئەوان خاوەنین دوورە لە ڕاستی، ئێمەی کورد قەوم نین میللەتین، نەتەوەین بۆیە مافی خۆمانە داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین و نەمانهەوێت لە ژێر دەسەڵاتی هیچ نەتەوەیەکی دیکە دا ببین، بۆیە فارسەکان دەبێت ئەوە بزانن ئەگەر زمانی کوردیان لێ وەربگیرێتەوە لاڵ دەبن، کوڕی شای ڕابردووی ئێران یان هەر کەسێکی دیکە ناتوانێت دژی مافی ئێمە بوەستێتەوە یان بیەوێت سەرۆکایەتی ئێمە بکات، ئێستا ئەوان هاتوون بە ناوی زەردەشتیەت بانگەواز بۆ خۆیان دەکەن، ئێمە دژی هیچ کەس نین بەڵام لە هەمان کات دا دژی ئەو کەسە یان ئەو کەسانەین دەیانەوێت بە ناوی زەردەشتیەتەوە دەسەڵات بگرنە دەست خۆیان چۆنکە ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ئایین دەبێت لە سیاسەت جیاواز بێت.

**پرسیاری ٤ -لە ماوەی ئەم چەند ساڵە چالاکیەتان لە ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان هاتنەوە سەر ئایینی کۆنی زەردەشتی چۆن مەزەندە ئەکەن و بە ڕای ئێوە چەنێك توانیوتانە لە دڵی خەڵکی کوردستان جێگای خۆتان بکەنەوە؟**

**وەڵام** :من وەک خۆم کاتێک هاتمە ناو ئەم پرۆژەوە باوەڕم بەوە بوو کە میللەتێک هەتا نەبێتە خاوەنی ئایین و کولتووری خۆی هیچ کات نە بە مافەکانی دەگات نەك دەبێتە دەولەت، بۆیە هەمیشە هەوڵم داوە وەک تاکی خۆم ناسیۆنالیستێک بم. تەنها کار لە سەر کولتوور و ئایین وبابەتە کوردیەکان بکەم بۆیە ئەم ڕێگام هەڵبژارد، لە سەرەتادا زۆر لە ژێر گوشار بووین لە لایەن حیزبە ئیسلامییەکان، مەلاکان لە مزگەوت فتوای جۆراوجۆریان دەردەکرد تەنانەت لە لایەن توندڕەوانی سەلەفی هەڕەشەی کوشتنمان لێدەکرا بەڵام بەسەر ئەو هەموو گۆشارو و سەختیانەدا کۆڵمان نەدا بەردەوام بووین، داهاتێکی زۆر باشی بووە بە ڕاستی کوردستان بۆشاییەکی گەورەی تێدا بوو ئەویش ئایینی زەردەشتی بوو کە ئێمە دوای ١٤٠٠ ساڵ خنکاندنی زیندوومان کردەوە ئێمە وەک زەردەشتیانی ڕۆژهەڵات کارەکانمان کرد بە شێوازی تەشکیلاتی و توانیمان لە لوڕێستان، لەکستان، کرماشان، ئیلام و سنە وپیرانشار و زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوینەرایەتی درووست بکەین کە ئێستا لە هەموو ڕۆژهەڵات ٢٤ نوێنەرایەتیمان هەیە خەڵکێکی زۆر بەدەم بانگەوازەکانمانەوە هاتوون بە تایبەتی لاوان، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێمە لە تەواوی پارچەکانی دیکە سەرکەوتووترین و جەماوەری زیاتر هاتوونەتە ناو ریزەکانمانەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەماوەرێکی زیاتر پەیوەندیمان پێوە دەگرن و خۆمان چالاکیەکانمان بەسەرکەوتوو دەزانین. بەڵگەم بۆ سەلماندنی وتەکانم ئەوەیە کە زەردەشتیانی باشوری کوردستان لە کوردستانێکی ئازاد کاردەکەن و بۆدجە و داهاتی تایبەت بە خۆیان هەیە بەڵام ئێمە هیچ بۆدجەیەکمان نیە و هیچ حکوومەتێک پاڵپشتیمان ناکات هێشتا بەو ئیمکاناتەی زەردەشتیانی باشوور هەیانە بەقەدەر ئێمە سەرکەوتوو نین، ئەوە سەلمێنەری ئەویە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات زیندوون و بیریان کراوەترە بۆیە من شانازی بە تەواوی ڕۆژهەڵاتەوە دەکەم کە هەردەم پشتیوانی پاڵپشتی زانست و پێشکەوتن دەکەن، ئەنجومەنەکەمان ئاوارەیە بەڵام بە هۆی سەردەمیانە بیرکردنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات سەرکەوتووە و من وەك خۆم داهاتوویەکی گەش دەبینم بۆ ڕۆژهەڵات.

**پرسیاری ٥ -لە کۆتایی دا بفەرموون بۆچی لە ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان جیابوونەوە و هۆکارەکانی چی بوون؟ وهەروەها ئاگادار بووین کە لەم دواییانە دا ناوی ناوەندەکەتان گۆڕی بۆ ناوەندی زەردەشتیانی کوردستانی ئێران بۆچوونتان لە سەر ئەو گۆڕینی نێوەڕۆکە چیە و هۆکاری لە چی دا ئەبینن؟**

**وەڵام** :هەروەها کە لە یەکەم پرسیار باسی هەندێك بابەتی سەرەتایی وەك دروست بوونی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستانم کرد لە گەڵ دامەرزاندنی ناوەندی زەردەشتیان بڕیار وا بوو کە هەر چوارپارچەی کوردستان نوێنەری خۆیان هەبێت لە ناوندی زەردەشتیان.

١- هەر پارچەیەکی کوردستان نوێنەری خۆی کارەکانی ئەو بەشە بکات.

٢- ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان  نابێت تێکەڵ بە حیزبایەتی بکرێت.
٣- پەیوەندیەکان دبێت ئاشکرایی تێدا بێت.
٤- پەیوەندیەکانی دەرەوە و ناوخۆ  دەبێت ئەنجۆمەنی باڵا کە پێکهاتەی هەر چوار پارچەی کوردستانە بڕیاری لەسەر بدات ئەم خاڵانە و زۆر خاڵی دیکەش کەوتنە بەر باس و قەبووڵ کران دوای ماوەیەک کار کردن لە نیوان باشووریەکان ناکۆکی دروست بوو وچەند کەسێکیان لێ جیابوەوە و چوونە ڕیزی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی یەسنا  بەڵام چونکە حیزبایەتیان تێکەڵ کردبوو  هەموو رۆژێک ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان،  هەر چەند ئێمە وەک رۆژهەڵاتیەکان چەندجارێک کەوتینە نێوانیانەوە و  قسەمان لە گەڵ کردن کە بڕیاری سەرەکی ئێمە ئەوە بوو کە ناوەند تێکەڵاو بە حیزبایەتی نەکرێت بەڵام بەداخەوە ئەوان گوێیان نەدا و  دوای ماوەی ساڵێک ناوەندەکەیان پێک هاتبوو لە سێ حیزبی گۆڕان،  یەکیەتی و پەکەکە. لە ڕاستی دا لەوە خراپتر ئەوە بوو روژهەڵاتیەکان کە دەهاتن بۆ باشووری کوردستان و سەردانی ناوەندیان دەکرد دوای گەڕانەوەیان ئاگادار دەکراینەوە لەگەڵ رۆیشتنەوەیان بۆ رۆژهەلات ناوەندی ئەمنییەتی ئیتلاعات بانگی دەکردن  بۆیە ئەنجومەنی زەردەشتیانی رۆژهەلات بریاری دا کە چی دیکە لە ژێر  ناوی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان  چالاکی نەکات و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، لە ڕاستی دا ئێمە ئەو ناوەندە  بە ناوەندی چوارپارچەی کوردستان نازانین و ڕەوایی نیە لای ئیمە بگرە لە رێگەی زەردەشتیت لایان داوە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی یان حیزبێک کار دەکەن.



گۆڕانکاری ناوی ئەنجۆمەنی زەردەشتیانی رۆژهەڵات بۆ ئەنجۆمەنی زەردەشتیانی کوردستانی ئێران، ئەوە بوو کە لە ئێستادا ئێمە وەک زەردەشتیانی رۆژهەڵات پێویستمان بە کاری دیپلۆماسی و خۆ نزیک کردنەوە لە زەردەشتیانی جیهانە بۆیە ئەگەر زەردەشتیانی رۆژهەلات خۆمان بناسێنین نامانناسن چۆنکە دولەتێکی کوردستان لە ئێستادا بوونی نیە هەتا بزانن رۆژهەڵاتەکەی کوێیە، بۆیە بۆ کاروباری رێکخراوەیی ئەو ناوەمان هەڵبژارد بە تێکڕای دەنگی ئەنجۆمەنەکەمان و پێمان وایە بەو ناوەوە سەرکەووتووتر دەبین، کاتێک دەبینین لە باشور هیچ حسابێک بۆ رۆژهەڵات ناکرێت تەنانەت لە بوودجەی دیاریکراویش لە لایەن حکوومەتەوە دەبینین سێ حیزب داگیری کردووە کاتێک دەبینین کارەکانی دەرەوی وڵاتیان بۆ باشوری کوردستانە لێرەدا ناوی ئەنجۆمەنی زەردەشتیان بە تەنیا خزمەت بە چەند کەسێك لە باشوور دەکات بۆیە ناوی ئەنجۆمەنەکەمان گۆڕی کە ئەوان ئیتر نەتوانن بەناوی ئێمەوە کاربکەن.

دە توانن دە قی ئە م نوستراوە لە سە ر سایتی کوردە کانی نیشتە جی ئە مریکا ببینن:

http://www.vokradio.com/

هە روە ها لە سە ر سایتی کورد-ئە مریکی

KurdishAmerican.Org